# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چەند هێڵێکی کێشا، فەرمووی: ئەمە مرۆڤە وئەمەیش کۆتایی ژیانێتی

له ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێـت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چەند هێڵێکی کێشا، فەرمووی: ئەمە مرۆڤە وئەمەیش کۆتایی ژیانێتی (ئەجەلێتی)، کاتێک لەسەر ئەو حاڵەیە (لەسەر هیوای گەیشتنە بە ئامانجەکانی) هێڵە نزیکەکە دێتە پێشی (ئەجەل دێتە پێشی ودەمرێت)». وله ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هێڵێکی چوارگۆشەی کێشا، وهێڵێکی لە ناوەڕاستدا کێشا لە دەرەوەی (چوارگۆشەکە)، وچەند هێڵێکی بچووکی (بە هەردوو ئاراستەدا) کێشا لەسەر ئەو هێڵەی لە ناوەڕاستی چوارگۆشەکەدایە، فەرموو: «ئەمە مرۆڤە، وئەمیش ئەجەلێتی دەورەی داوە، ئەمەیشی لە دەرەوەیە (هێڵەکەی ناوەڕاست کە بەرەو دەرەوە چووە) هیواکانێتی، وئەم هێڵە بچووکانەش ناڕەحەتی وتاقیکردنەوەکانن، ئەگەر لە یەکێکیان دەربچێت ئەوی تریان دەیگرێت، ئەگەر لە یەکێکی تریان دەربچێت ئەوی تریان دەیگرێت».
[صەحیحە بە ریوایەتیەکەیەوە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

هەردوو فەرموودەکە: نموونەی هیوای مرۆڤ وئەجەلی وئەو ناخۆشی وتاقیکردنەوانەی تووشی دەبێت لەخۆدەگرێت، ومردنی لە سەرەنجامی یەکێک لەوانەیە، ئەگەر سەلامەت بوو لەمانە ئەوا لە کاتی هاتنی ئەجەلی دەمرێت، وئەم هێڵانە تاقیکردنەوە وناخۆشییەکانن ئەگەر لە یەکێکیان سەلامەت بێت لە ئەوی تر سەلامەت نابێت، وئەگەر لە هەموو ڕزگاری ببێت وتووشی هیچ نەخۆشی وتاقیکردنەوەیەک نەبێت لە نەفس وخێزان وسامانیدا ئەوا لە ناکاو مردێت بۆی دێت، سەرەنجام ئەوەی بەهۆی هۆکارەکان نەمرێت بەهۆی ئەجەلەوە دەمرێـت، کاتێک مرۆڤ لە نێو ئەو ناڕەحەتی تاقیکردنەوانەیە (تووشی هێڵە نزیکەکە) دەبێت ئەویش بریتیە لە ئەجەل ومردن. ئەم فەرموودەیە ڕێنموێنی مسوڵمان دەکات بۆئەوەی هیوای کورت بێت بەم ژیانەوە وهەموو خولیا وهەوڵدانێکی بۆ ئەم ژیانە نەبێت، ودەبێت مرۆڤ بەردەوام خۆی ئامادە بکات بۆ مردن ئەمیش بە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان وخۆ دوورگرتن لە کردەوە خراپەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6821

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee